# زمانی نووسین

**حەمەسەعید حەسەن**

ئەوی بە پلەی یەکەم لە هەر نووسینێکدا بە لای منەوە گرنگە، زمانی نووسینەکەیە. ئەگەر هەر لە پەرەگرافی یەکەمەوە تووشی هەڵەیەکی زەق هاتم، ئیدی تاقەتی خوێندنەوەی ئەو نووسینەم با باسی گرنگترین مەسەلەش بکات، نامێنێت. دەڵێن هیتلەر بە ئەڵمانییەکی ئەوەندە جوان نووسیویێتی، ڕەخنەگرێک سەبارەت بە زمانی کتێبە بەناوبانگەکەی، (خەباتی من،) گوتوویەتی: (سەگ چەند بەسەر پارچە ئێسکەکەی بەر دەستیدا زاڵە، هیتلەریش بە هەمان شێوە کۆنترۆڵی زمانی ئەڵمانیی کردووە.) سەرنجی ئەو زمانە باڵایە بدەن کە لێنین پێی نووسیوە، پڕە لە وێنەی شیعری، دەڵێن مەگەر زمانی (پووشکین)ی باوکی ئەدەبی ڕووسیا شان لە شانی زمانی لێنین بدات.

لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە زمان ڕەنگدانەوەی هۆشیاریی تاکە، کەواتە کەسێک زمانەکەی نزم بێت، توانای دەربڕینی هۆشیارییەکی بەرزی نابێت و کەسانی خاوەنی هۆشیاریی باڵا، زمانیشیان زمانێکی باڵا دەبێت. جان کۆهن دەڵێت: ‹زمان پۆشاکی بیر نییە، جەستەیەتی، چونکە بیر بێ زمان، بوونی نییە.› ئایا جەستەیەکی مێشکنەخۆش، دەتوانێت هەڵگری بیرێکی ساغ بێت؟ ئایا کەسانێک ئاستی ڕۆشنبیرییان هێندە نزم بێت، توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستیان، بە زمانی خۆیان نەبێت، ئەوەیان لە باردایە، بەرچاوی میللەت ڕۆشن بکەنەوە؟ ئەگەر نا، پێویستە بە ڕێزەوە گوێ بۆ کەسانی لە خۆیان هۆشیارتر شل بکەن، سەر بۆ دەسەڵاتی مەعریفە نەویکردن، نیشانەی زیرەکییە.

کاترین پیلسی دەڵێت: (زمان مەرجی هەبوونی فیکرە، ئاخر بیر ناتوانێت لە دەرەوەی زماندا هەبێت) و ئەگەر زمان نەبووایە، فیکریش نەدەبوو، بۆیە کەسی خاوەنفیکر ناچارە بایەخ بە زمان بدات و پوخت بنووسێت. ملنەدان لە بواری زماندا، ڕەنگدانەوەی نەزانییە و تاکە دەسەڵاتێکی فاشست کە دەبێت هەموومان بە ڕێزەوە سەری بۆ نەوی بکەین، زمانە. بەوەی باشە زمان توانای خۆ خاوێنکردنەوەی هەیە، ئەگەر نا، لە ئەنجامی هەوڵی ناپیرۆزی زمانسەقەتانەوە، هەنووکە گۆلی ڕوونی زمانی کوردی، زەلکاوێکی لیلّ دەبوو، زمان بەردەوام گەشە دەکات و جوانتر دەبێت و ئەوە زمانی جوانیشە بەرگەی زەمان دەگرێت.

زمان، ڕینان گوتەنی: ‹نە کۆنەپارێزە نە پێشکەوتنخواز، زمان فاشستە.› بۆیە ئێمە سەرپشک نین لەوەی، دەیشێوێنین یان نا؟ ئێمە ملکەچی دەسەڵاتی زمانین، دەتوانین بە شێوازی نوێ و تایبەت بە خۆمان مامەڵەی لەتەکدا بکەین، بەڵام بە مەرجێک گەشتر بنوێنێت، نەک بڕاکێت. بینڤیست گوتەنی: ‹تەنیا بە هۆی زمانەوە

دەتوانین واقیع بەرهەم بهێنینەوە،› بە هۆی زمانەوە دەتوانین جیهانێکی نوێ رۆ بنێین و هەزاران کەسایەتی بخولقێنین.  ئەوە تەنیا کارگەی زمانە کە مانا ، فەلسەفە، ئیدیۆلۆگی و ئایین بەرهەم دەهێنێت. زمان وەک چۆن مانا بەرهەم دەهێنێت، هەر واش  درێدا گوتەنی، دەتوانێت ‹بەردەوام بە دەستەوەدانی مانا دوا بخات.› هیچ نووسەرێکی مەزن شک نابەم، زمانزانێکی مەزنیش نەبووبێت، ئەوی بە هیوایە بە زمانێکی ڕووت و ڕەجاڵەوە ئەدەب یان فیکری کوردی دەوڵەمەند بکات، خەوێک دەبینێت، مەحاڵە بێتە دی.

زمانی ئەدەبی نەک هەر پێویستە لە زمانی ئاسایی باڵاتر بێت، بەڵکوو زمان لە ئەدەبدا هێندە گرنگە، تا ئەو ئاستەی هاوزەمان هۆکاریشە و مەبەستیش، تەنانەت ڕانسۆم دەڵێت: ‹شیعر جۆرێکە لە زمان.› ئەگەر شیعر گیاندارێک بێت، زمان کەوڵەکەی نییە ، هەموو جەستەیەتی. شاعیر وەک عەوام ناپەیڤێت، بە زمانێک دەدوێت جیاواز لە زمانی باو ، هەر بە هۆی جیاواز پەیڤینیشەوە دەبێتە خاوەنی شێوازێکی تایبەت بە خۆی. لە ئەدەبدا گرنگ ئەوە نییە چی دەڵێیت؟ گرنگ ئەوەیە چۆنی دەڵێیت؟ ئەم چۆنیەتی گوتنەش، بە زمان جێبەجێ دەکرێت. هەر بۆیە دەمێکە گوتراوە: شیعر بە وشە دەنووسرێت، نەک بە فیکر. تێزێک هەیە دەڵێت: ‹ئەگەر شیعر لە ناوەڕۆک و شێوە پێک بێت، ئەوا ناوڕۆک وشەیە و شێوەش پێوەندیی نێوان وشەکانە.›

بە زمانێکی ئەدەبی نووسین، دیکۆر و زەخرەفە نییە ، کرۆکی ئەدەبە، بۆچی فلانە دەق شیعرە؟ وەڵام لای زمانی نووسینی شیعرەکەیە، لامارتین پەستی دەستی ئەوە بوو کە زمان لە توانایدا نییە، هەڵچوونەکانی بەرجەستە بکات، تەها حسێن دەیگوت: زمان زۆر لەوە بەرتەسکترە کە جێی سۆزی ئینسانی تێدا ببێتەوە، میخائیل نەعیمە پێی وابوو ، زمان بەشی دەربڕینی هەست ناکات، ‹گۆران›یش هەر چەندی کرد نەیتوانی خەیاڵی خۆی بخاتە چوارچێوەی ‹زمان›ەوە!* کە زمانزانانی مەزن وەها بپەیڤن، ناهەقمە ئەگەر بڵێم: کوفرە کەسێک دەسەڵاتی بەسەر زمانێکدا نەشکێت و پێی بنووسێت؟

* هەر چەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.